# ئەم وشانە ئێمەیان کوشت

## (بەراوردێك بەر لە شیعر)

هاورێ گۆران

ئێمە بە دەم مردنەوە ئەژین و. . ئەوان بەدەم ژیانەوە ئەمرن. ئێمە لە مردوو ئەبین و مردوومان لێ ئەبێ و بە مردوێتی یاری ئەکەین، بە مردوێتی گەورەئەبین و بە مردوێتی ئاشق ئەبین. ئەوان لە ژیان ئەبن و ژیانیان لێ ئەبێ و بە ژیانەوە گەورەئەبن و بە ژیانەوە ئەمرن. لای ئەوان هەموو شتێ ئەژی، تەنها خواوەند مردووە، لای ئێمە هەموو شتێ مردووە، تەنها خواوەند ئەژی. خەمی ئەوان بۆ مەرگی خواوەندە. خەمی ئێمە بۆ مەرگی مرۆڤە.

( بە هیوای شکاندنی تاریکی، بە هیوای داگیرساندنی ئەشق. . . پێشکەشە بە لەتیف فاتیح فەرەج، عومەر سەید و مەحەمەد کوردۆ)

. . .

لەوێوە هاتین
لە ماڵی حیکایەتە تاریکەکانەوە. . ڕژاینە ژیانەوە
ئەو ماڵانەی پڕن لە گوناهو. . خاڵین لە کڵپەی ئەشق و. . بەفری خەیاڵ
ئەو ماڵانەی. . دوورن لە پەروەردەکردنی باڵندە و گوڵ
خاڵین. . ئاسمانی ئەو ماڵانە. . خاڵین
لە مانگ و ئەستێرەی یاری
ووشک و بێدەنگە دڵی ئەو ماڵانە. . لە تاڤگەی خەون
لەو ماڵانەدا هەر وێنەی مزگەوتەکان پیرۆزن
لە مەمکی ژنێکی ئاشق دەچن. . لە ئاسمان بپارێتەوە
لەو ماڵانەدا ژیان چرایەکی کوژاوە بوو
گڕێک نەبوو دایگیرسێنێ
ژیان ئاوێنەیەکی درزبردوو بوو
تاریکی قژی لەبەر دادەهێنا
لەو ماڵانەدا لە پێش ناوی یارییەکانەوە
لە پێش ناوی گوڵ و باڵندەکانەوە
ئەبێ ناوی
ئەسحابە و خەلیفە و پیاوچاکان و جنۆکەکان بزانی
لەوێوە هاتین. .
لە ماڵی حیکایەتە تاریکەکانەوە ڕژاینە ژیانەوە
لەو ماڵانەدا لێدان و ترس و تورەیی
وەک دڵی ئاگردانەکان گەرم بوون
ئاخ ئەو ماڵانە چ غەدرێکیان لێکردین!
کە لێیان دەداین
بێئاگابوون چ ئاسەوارێک جێدەهێڵن
بێئاگابوون لەوەی بچووکی و گریان و، بێدەنگی دەیخواردینەوە و

دەیکردینە پارچەیەک تووڕەیی و. . شەڕ!
کە لێیان دەداین،
کە بێدەنگیان دەکردین،
شەڕمان بە دار و دیوار و ئاسمان دەفرۆشت
قژی سەرمان ڕادەکێشا
پەنجەی دەستی خۆمان دەکرۆشت!
ئاخ. . ڕەنگدانەوەی لێدان ناشیرینی کردین
ئاخ دانگدانەوەی لێدان پڕ برینی کردین!
کە لێیان دەداین،
ئێمەش جەلادانە لە سەگەکانی کۆلانمان دەدا!
کە هەڵیان دەواسین
ئێمەش قەسابانە چۆلەکەکانمان هەڵدەواسی!
گوڵی خەونەکانمانیان هەڵوەراند
گوڵی باخچەکانمان هەلاهەلا دەکرد!
هەناسە و خەیاڵیان دەکوشتین
کۆترەکانمان دەکوشت!
یارییەکانیان لێ تێکدەداین
هێلانەی قومرییەکانمان نغرۆ دەکرد!
دەستیان داخ دەکردین
پشتی کەرەکانمان بریندار دەکرد!
سەریان دەشکاندین
لە هەزار لاوە سەری درەختەکانمان دەشکاند!
تفیان لێدەکردین
تفمان لە هەورەکان دەکرد!
هەراسانیان دەکردین
گۆڕستانەکانمان هەراسان دەکرد!
ئاخ. . دەنگدانەوەی لێدان بە هەڵەیدا بردین!!
ئاخ. . ڕەنگدانەوەی لێدان فێری غەدری کردین!!
چۆن ئەوان دەنیشتنە سەری ئێمەوە
تا فەلاقەمان کەن
ئێمەش جەلادانە دەنیشتینە سەری سەگەکانەوە!
هەڵواسینی ئەوان فێری کردین
قەسابانە چۆلەکەکان هەڵواسین!
هەناسە و خەیاڵیان نەکوشتینایە
بۆ کۆترەکانمان دەکوشت!
گوڵی خەونەکانمانیان لەقەوێران نەکردایە
بۆ گوڵی باخچەکانمان هەلاهەلا دەکرد!

www.kurdistannet.org
25-1-2003 1:48

یارییەکانیان لێ تێک نەدابنایە
بۆ هێلانەی قومریەکانمان نغرۆ دەکرد
دەستیان داغ نەکردینایە بۆ پشتی کەرەکانمان دەکردە برین!
کە سەریان دەشکاندین
لە هەزار لاوە سەری درەختەکانامن دەشکاند
تفیان لێ نەکردینایە
بۆ تفمان لە هەورەکان دەکرد!
هەراسانیان نەکردینایە
بۆ گۆڕستانەکانمان هەراسان دەکرد!
ئەوان ئێمەیان کرد بە وێنەیەکی کالّی خۆیان
تا بڕوامان بە ئەشق و سادەیی و جوانی نەبێ
بە هەڵە بە کۆلانەکانی ژیاندا هاتین
بە هەڵە گەورەبووین
کە هاتین،
دلّمان پڕ بوو لە دوکەلّ بۆ چاوی گولەکان
باخەلّمان پڕ بوو لە بەرد بۆ کوشتنی بالّندەکان
چاومان پڕ بوو لە تاریکی بۆ وێرانکردنی پەپەلەکان
کە هاتین. . هیچ ناونیشانێکی ئەشقمان پێ نەبوو
کە هاتین،
لە سەری هیچ کۆلانێک درەختێک نەڕوابوو
بۆ چاوەڕوانی ئێمە. . لە هیچ مالّێکدا
دەرگایەک، پەنجەرەیەک نەکرایەوە بۆ هاتنی ئێمە
بە گوێسەوانەی هیچ مالّێکەوە
دوو چۆلەکە بە جریووە نەیان وت. . بەخێر بێن.
کە هاتین. .
لە باخچەی هیچ مالّێکدا سەوزەگیا ئارام نەبوو
لە کووپەی هیچ مالّێکدا ئاو خەیالّ نەبوو
لە ئاگردانی هیچ مالّێکدا
پشکۆیەک. . کلّپەیەک نەبوو بە ئەشق
لە ئاسمانی هیچ حەوشەیەکدا کۆترێک پیاسەی نەدەکرد
بە هەڵە بە کۆلانەکانی ژیاندا هاتین
هیچ ناونیشانێکی ئەشقمان پێ نەبوو
باوەشمان بە نائومێدیا کرد
کە هاتین. .
نەیانهێشت لە تاقگەی بۆنی گولێکەوە بچینە ژیانەوە
نەیانهێشت لە پەنجەرەی بالّی بازێکەوە بچینە ئاسمان
بە تریفەی مانگ جۆلانە بکەین

لەگەڵ هەناسەی گوڵەنازنازێکدا گەورە بین
وەک جوانی گوڵەباخێک خەیاڵ بچینەوە
بە شاباڵی کۆلارەیەکدا بگەینە ئەستێرەیەک و
لێی بنووسین بژی گۆرانی، بژی گوڵ
ئینجانەی دڵمان پڕ کەین لە دڵۆپە گوڵەکانی باران
لە بەفر پەیکەرێک بۆ ئەو باڵندانە بکەین
کە لە قەفەزی کەلەسەرماندا پەڕ و باڵی هەڵوەری
بە ئاوازی قونەقونی کەروێشکێک گۆرانی بڵێین
نەیانهێشت. .
هیچ شتێکیان وەکو خۆی پێ نەناساندین
هیچ شتێکیان وەکو خۆی فێرنەکردین
نە ژیانیان وەک ژیان و. . نە مردنیان وەک مردن و. .
نە بەهەشتیان وەک بەهەشت و
نە دۆزەخیان وەک دۆزەخ و
نە ئەشقیان وەک ئەشق و
نە ژنیان وەک ژن و. .
نە پیاویان وەک پیاو و
نە پێکەنیان وەک پێکەنین و
نە گریانیان وەک گریان و
نە ئاسمانیان وەک ئاسمان و
نە بارانیان وەک باران و
نە ئاشتییان وەک ئاشتی و
نە شەڕیان وەک شەڕ و
نە شەویان وەک شەو و. .
نە ڕۆژیان وەک ڕۆژ و
نە ئەستێرەیان وەک ئەستێرە و
نە مانگیان وەک مانگ و
نە خۆریان وەک خۆر و
نە زەوییان وەک زەویی و
نە بەفریان وەک بەفرو
نە ئاگریان و ەک ئاگر و
نە بایان وەک با. . و
نە خوایان وەک خوا پێناساندین
هیچ شتێکیان وەک خۆی فێر نەکردین
خەتایان کرد!!
هێشتا ماچی ژیانمان نەکردبوو
وتیان بیر لە مردن بکەنەوە!

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

هێشتا هیچمان نەبینیبوو
وتیان چاوەکانتان داخەن!
هێشتا پێنەکەنیبووین
وتیان بگرین!
هێشتا فێری قسەکردن نەبووبووین
وتیان بێدەنگ بن!!!
هێشتا هیچمان نەدەزانی؛
هێشتا هیچمان نەدەناسی ،
ئاسمانی بچووکی سەرمانیان پڕ کرد لە باڵندەی ئەم وشانە
ماسی ئەم وشانەیان فڕێدایە کانی خەیاڵمانەوە
باخی دڵمانیان بە ئاوی ئەم وشانە ئاودا
ئەم وشانە ئێمەیان کوشت!
عەیب . ترس . شەرم. . دۆزەخ
بەهەشت . ئیمان. . مردن. . دۆزەخ
ئاگر. . سووتان. . قیامەت. . حەشر
جنۆکە . حۆری. . دوپشکە. . مار
ئای لە ئازاری گۆڕەوشار
ئەم وشانە ئێمەیان کوشت!!
بۆ دیواری بوونی ئێمە
هەر ئەم وشانە بوون بە خشت.
بۆیە لە دەرەوەی ئەشق و ژیانین
بۆیە لە دەرەوەی ئەشق و ژیانین
بۆیە ژوورێکی تاریک و
پەرەیەکی پڕ لە هەڵەین
بیابانی پڕ تەنیایی و ئاوێنەیەکی پڕ پەڵەین
درەختێکی خوار و خێچ و وشک و زڕین
بە گومانین پڕ لە ڕق و پڕ لە گریین
دوورین لە ئەشق و سادەیی و خەیاڵ و
گوڵ و فڕین
بە ڕووڕووەی عەیب. . ترس. . شەرم. . پرس
گڕوگاڵ ئەکەین. . پێ ئەگرین
حیکایەتی ئەم وشانە ژیانی بیربردینەوە
حیکایەتی ئەم وشانە ژیانی ڕەش کردینەوە
هێشتا ئەژین. . هەر بە مردنەوە ئەناڵین!
هەتا ئەمرین هەر بە مردنەوە خەیاڵین!
هەمووومان هەر گیای مردنین
ئەم قسەیە دەرگا و پەنجەرەی هەموو حیکایەتەکان بوو



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ئومێدی نائومێدی و
پشکۆی گەرمی ئاگردانەکانی شەوەکان بوو
هەموومان هەر گیای مردنین
ئەم وشانە ئێمەیان کوشت!!!
بۆیە ژوورێکی تارێک و پەرەیەکی پڕ لە هەڵەین
بیابانی پڕ تووڕەیی و
ئاوێنەیەکی پڕ پەڵەین!
حیکایەتی ئەم وشانە ژیانی بیربردینەوە
حیکایەتی ئەم وشانە ژیانی ڕەش کردینەوە
هێشتا زیندووین. . هەر بە مردنەوە خەیاڵین
هەتا ئەمرین هەر بە مردنەوە ئەناڵین
هەموومان هەر گیای مردنین
ئەم وشانە ئێمەیان کوشت!
با ئەم باخچە وێرانە کەین. . کە ئەم وشانە گوڵێتی!
با ئەم باڵندەیە بکوژین. . کە ئەم وشانە دڵێتی!.
. . .

٢٠٠٢ سوێد

**تێبینی کوردستان نێت:**
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣